## موهەند عەلی یاریزانی یانەی شورتە بووە گۆڵکاری خولی ئەستێرەکانی تۆپی پێی عێراق



یاریزانی یانەی شورتەی عێراقی، موهنەد عەلی توانی لە پێشەوەی ڕیزبەندی گۆڵکارانی خولی ئەستێرەکانی عێراقدا بێت دوای ئەو هاتریکەی کە بەرامبەر یانەی هەولێر دوێنێ شەممە تۆماری کرد، لەکۆتایی قۆناغی دوازدەهەم لە پاڵاوتنی خولی ئەستێرەکانی عێراق.

موهەند عەلی بە هەشت گۆڵ لە پێشەوەی ڕیزبەندی گۆڵکارەکانە و یاریزانی یانەی قوەی جەویە، عەلا عەباس بە حەوت گۆڵ لە پلەی دووەمی ریزبەندی ڕیزبەندییەکە بوو و ئەمجەد عەتوان یاریزانی یانەی زاخۆ لە پلەی سێیەم هات و لەپێش یاریزانی یانەی ئەلحارث حاتەم کە بە پێنج گۆڵ لە ڕیزبەندی چوارەمی گۆڵکارانی خولی تۆپی پێی عێراق هات و شەرکە کەریم یاریزانی هەولێریش بە پێنج گۆڵ لە ڕیزبەندی پێنجەمدا هات.